# گوتاری جوانیناسی پەیکەر لە گۆڕەپانەکانی هەرێمی کوردستاندا

حامد ئەحمەد صادق[1] - ئازاد جمال تاهر[2]

[1]بەشی شێوەکاری، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی پەیکەرسازی، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی گوتاری جوانیناسی پەیکەر لە گۆڕەپانەکانی هەرێمی کوردستاندا، دۆزینەوە و بژاردەکردنی نمونەی پەیکەرسازی کە جێگیرکراون لە گۆڕەپانەکانی هەرێمی کوردستان، شیکردنەوەی نمونەکان بەمەبەستی دەرخستنی گوتاری جوانیناسییان، کە ئایا هەڵگری گوتارێکی جوانیناسین یاخود نا. ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە چوار بەش، بەشی یەکەم پێکدێت لە چێوەی تیۆری کە تیایدا کێشەی توێژینەوە و گرنگی توێژینەوە و سنوری توێژینەوە و چەمک و زاراوەکان خراوەتەڕو، بەشی دوەم پێکدێت لە سێ تەوژگە، توێژگەی یەکەم (باسکردنی واتا و چەمکی جوانی) توێژگەی دوەم بریتییە لە (باسکردنی چەمکی گوتار لە پانتای شێوەکاریدا) توێژگەی سێهەم بریتییە لە (ناساندنێکی گۆڕەپان لە قۆناغەکانی مێژوی دێرین و زەمەنی هاوچەرخدا). بەشی سێیەم پێکدێت لە ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی توێژینەوە، کە بریتییە لە (کۆمەڵگەی توێژینەوەیە کە چەند نمونەیەک لە پەیکەرەکانی هەرێمی کوردستان کە لە گۆڕەپانەکاندا جێگیرکراون کە ژمارەیان (٢) نمونەیە، بە میتۆدی وەسفی شیکاری شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت، بەشی چوارەم پێکدێت (ئەنجام و دەرئەنجام ڕاسپاردەکان و پێشنیارەکان و سەرچاوەکان)ی توێژینەوەکە.

**کلیلە وشەکان:** واتای جوانی، چەمکی گوتار، گۆڕەپان.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(1).Paper26

**Received:** 24-April-2022

**Accepted:** 16-May-2022

**Published:** 29-March-2023

**Corresponding Author's E-mail:**

hamidahmadhawrami@gmail.com

Azad.Tahir@univsul.edu.iq

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## بەشی یەکەم:

## چوارچێوەی گشتی توێژینەوە :

### پێشەکی :

هونەر وەک بیرۆکە و هێما و بەها دواجار دەبێتە بەرهەمێک کە لەلایەن مرۆڤەوە ئەنجام دراوە، لەسەرەتاکانی دەرکەوتن و دۆزینەوەیەوە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، هۆکار و ئامراز و دیدگای خاوەن کردەکان بوە، لەسەردەمی دێریندا مرۆڤ وەک ئامرازێک بۆ دەربڕین و گوزارشتکردن و گەیاندن بیرۆکە وهەستەکانی لە شێوە دو ڕەهەند و سێ ڕەهەندەکاندا بەرجەستە کردوە، لەسەردەمی نوێی و هاوچەرخدا هونەرمەند دیدگا و بیرۆکەو هەستەکانی لە ڕێگەی گوزارشتێکەوە دەردەبڕێت و لە شێوەیەکدا بەرجەستەی دەکات کە هونەرمەند مەبەستیەتی، بێگومان لەسەردەمی دێرین و نوێدا ئەم گوزارشتانە هەڵگری پەیام و گوتاری خۆیان بون، کردەی هونەری پێویستی بەپانتایی و فەزایەک هەیە تا بتوانین ئەو کارە هونەریەی بە ئەنجام گەیێنراوە تێیدا جێگیر بکرێت، بۆیە ئەگەر پەیکەرێک هەبێت دەبێت پانتاییەک هەبێت بۆ جێگیرکردنی ئەمەش ئەو پێویستیەیە کە کارێکی هونەری لە هونەرمەندەوە دەگوازێتەوە بۆ بینەرەکەی، ڕەهەندی جوانیناسی یەکێکە دەربڕی هەست و سۆزی هونەرمەند گەیاندنی بۆ دوتوێی هونەری پەیکەرسازی و هەر هونەرێکی تر کە پەیامبەری جوانیناسی بێت، بەرهەمێکی هونەری کاتێک بە ئەنجام دەگات و جێگیر دەکرێت ناشێت ڕەچاوی جوانیناسی نەکرابێت لە یەکە بەشداربوەکانی ئەو گشتەدا. بۆیە بەرهەمێکی هونەری (پەیکەرێک) وەک گشتێک ڕەگەزەکانی وەک (گوتار، جوانی، گۆڕەپان) تێیدا بەشدارن و پێکهێنەری یەکەکانی نێو ئەو گشتەن.

## ١-١ کێشەی توێژینەوە:

دەقە هونەرییەکان شوێنگەی دەربڕین و گوزارشتن کە ئەمەش هونەرمەند لەڕێگەی مەتریاڵەوە بەرجەستەی دەکات.

دەقی هونەری شێوەکاری ئەو پانتاییە ئامادەکراوەیە کە هونەرمەند بەئامانجی وێناکردنە زەینییەکانی خۆی تێدا ڕێکدەخات لەسەر بنەمای پەیوەندی نێوان ڕەگەزە بەشداربوەکان لەڕێگەی شێوازو تەکنیکی جیاوازەوە، کە سەرنجام کۆی چالاکیەکە دەقێکی بەرهەمهاتوی بینراو یان بیستراوی گوتار ئامێزە.پەیکەر وەک هەردەقێکی دیکەی شێوەکاری دەکرێ هەڵگری گوتار بێت، و بەتایبەت گوتاری جواننناسی کە بەخشەری لایەنی جوانی ناسیە کە ئەمەش لەلایەن هونەرمەندەوە بەئامانج دەکرێ.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا پەیکەرەکانی ناو گۆڕەپانەکانی هەرێمی کوردستان هەڵگری چ گوتارێکن، بۆیە توێژەر وەک گرفتێکی بابەتی هونەری مەبەستیەتی وەڵامێکی زانستیانەی هونەری بۆ بدۆزێتەوە لەچوارچێوەی توێژینەوەیەکی زانستیانەدا .



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper26

**١-٢ گرنگی توێژینەوە:** توێژینەوەکە گرنگە وەک:-

- سەرچاوەیەکی هونەری بۆ خوێندکارانی بواری هونەری پەیکەر لە پەیمانگەو کۆلێژی هونەر.
- وەک بنەمایەکی زانستی تیۆری هونەر لەناساندنی گوتاری جوانناسی.
- سەرچاوەیەکی زانستی لەپرۆگرامی خوێندنی کۆلێژو پەیمانگای هونەرەجوانەکان.
- گرنگە بۆ لایەنی پەیوەندیدار لەڕوی چۆنێتی بەکاربردنی گۆڕەپانەکانی هەرێمی کوردستان بۆ جێگیرکردنی پەیکەرەکان.

### ١-٣ ئامانجی توێژینەوە

- دەرخستنی گوتاری جوانناسی پەیکەر لە گۆڕەپانەکانی هەرێمی کوردستاندا .

### ١-٤ سنوری توێژینەوە

- سنوری شوێن: گۆڕەپانەکانی هەرێمی کوردستان لە پارێزگای (سلێمانی)

**١-٥ سنوری کات:** (٢٠٠٥ - ٢٠١٥)

### ١-٦ پێناسەی زاراوەکان

آ: گوتار: لەڕوی پێکهاتەی ڕێزمانییەوە:

لەڕوی ڕێزمانییەوە بەم شێوەیە دروست دەبێت: گوتار لە چاوگی (گوتن) دروستکراوەو بوەتە ناوێکی واتای نابنجی بەپێی ئەم یاسایەی خوارەوە: قەدی چاوگ + پاشگر = ناوی واتایی نابنجی

**گوتار:** وشەیەکی نوێیە لە دروستبوندا لە کرداری (گوتن + ار) بۆ وتارێک دروستبوە، کە فۆرمەکەی گوتارە لەبواری هونەردا بە گوتاری هونەری (دیسکۆرسی هونەری) ناودەبرێت ناوەرۆکەکەشی وەک زاراوە زۆرترە لە (واتاو چەمک). بەپێی ڕشتەو بوارەکانیش دەگۆڕێت، ناوەڕۆکی گوتاری هونەری جیاوازە لە ناوەڕۆکی گوتاری ڕامیاری، هەرچەندە داڕشتن وبەرهەمهێنانی ڕستەکانیان بەدەستووری ڕێزمانی کوردەییە، لەیەکدیش دەچن و بەڵام هەڵبژاردنی ووشەو دەڕشتن و جۆری ووشەکانیان ناوەڕۆکی جیاواز بەدەستەوە دەدەن.(پ.د.مەحوی.محەمەد.چاوپێکەوتن،٢٠٢١).

**پێناسەی جێبەجێکاری گوتار:**

گوتار پەیامێکی دیاریکراوی ئامانجدارە، هونەرمەند لەڕێگەی ناوەندێکی گەیاندنەوە ئاراستەی دەکات، کە لەکردەی پەیکەردا مەتریاڵی بەکاربراو دەبێتە ئەو ناوەندە. گوتاری کردە هونەرییەکان جیاوازن کە توانستی هونەری و هزری هونەرمەند ڕۆڵ لەبنیاتنان و ئاڕاستەکردنەکەیدا دەگێڕێ.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper26

### ب: جوانیناسی

ناساندنێک: وشەی یۆنانی (Aisthetikos) بەواتای درکپێکردنی هەستەکی بو، وشەی (Aistheta) بەواتای خاڵی درکپێکردنی هەستەی، یان سادەتر بڵێین شتی هەستپێکراو. بەم وشەیە ڕەچەڵەکی زاراوەی (Esthetiqus)ە، کە ئەمڕۆ لە تەواوی زمانە ئەورووپییەکان بەکاردێت و سەرهەڵدانیشی بۆ ساڵانی (١٧٥٠–١٧٥٨) دەگەڕێتەوە، کە فەیلەسوفی ئەڵمانی (ئەلکساندێر گۆتلیب بۆمگارتن) لە کتێبێکیدا هەر بەم ناوە بەکاریهێنا. (ئەحمەدی.بابەک، لا٢٨-٢٩، ٢٠٠٨)

**پێناسەی جێبەجێکاری:** جوانیناسی (Aesthetics)درکپێکردنێکی لۆژیکی ڕێژەی مرۆڤە لە تێڕوانین و دەربڕیندا، بەئامانجی دیاریکردنی خەسڵەتەکانی جوانی، ئەمەش لەخودێکەوە بۆ خودێکی دیکە جیاواز دەردەکەوێ، بەو حوکمە ڕێژەییەی کە مرۆڤی لەسەر دروستبوە.

## بەشی دووەم

### واتای جوانی: Aesthetics

بۆشرۆڤەکردنی دەستەواژەی (واتای جوانی) ڕەنگە پێویست بێت، کە هەڵوێستە لەسەر ئەوە بکەین کە داخۆ درککردن بەجوانی دەرهاویشتەی چ هاوکێشەیەکی زەینی مرۆڤە، کە دیارە درککردن ڕێژەییە لە بونیادی مرۆڤدا، ئەمەش لەڕێی ئەزمونکردن و گەشەسەندنی ئۆرگانێکی مرۆڤ دەگۆڕێت بۆ وشیاری جوانبینی، ئەمەش وادەکات جوانناسی دەرهەق بە بونیادە سروشتییەکان و بەرهەمهێنراوەکانی دەستی مرۆڤ، لەڕێگەی ئەو وشیاری جوانییەوە دەستنیشان بکرێ، بۆ پشت ڕاستکردنەوەی وەها بابەتێک، گرنگە لەم ئاماژەیەدا ئاوا ڕاستییەک بسەلمێنین" وشیاری بۆ جوانی لەگەڵ دو بنچینەی گرنگدا مامەڵە دەکات، یەکەمیان: ئەو سەرچاوەیەیی کە جوانییەکەی لێوە دەردەچێت ئەویش یان سروشتییە یان بەرهەمهاتوە. دوەمیان: ئاستی درکپێکردنی بەدەستهاتو بۆ وشیاری لەلایەن مرۆڤەوە کە وشیارە پێی "(د.جبار محمود العبیدی،ص١٤: ٢٠١٣). کەواتە واتاداربونی جوانی پەیوەست دەبێت بە ڕێژەی وشیاری جوانی لەدرکپێکردنی مرۆڤدا وەک پێکهاتەیەکی ئامادە لەبەرکەوتنی هەر دیاردەیەکی سروشتی یان بەرهەمهاتوی جوان. ئەم درکپێکردنە ڕۆڵی ئەو دەربڕینە جوانناسییە چالاکتر دەکات بۆ بەرجەستەکردنی چ لەڕوی بەرهەمهێنانەوە بێت یان لەڕوی شرۆڤەکردنەوە. بۆیە بەدەستهاتنی واتای جوانی جوانی و جێگیربونی واتاکانی لە نێو زانستی جوانی و فەلسەفەی جوانی وهونەردا، ڕوانگەی جیاواز و فرەڕەهەندی لێکەوتۆتەوە کە گوزارشتی بیرمەند و زانستخواز و فەلسەفە لێدەرەکانی ناو قۆناغی ئەو بزاڤەن، کە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنن کە پێناسەکردن و شرۆڤەکردنەکەی لە تەوژمێکی هزرییەوە بۆ تەوژم و ئاراستەیەکی دیکە جیاواز پێناسەکراون، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پێوەرەکان بۆ خەملاندنی واتای جوانی و جوانناس لەو پێوەرانەی کە خودی ئادەمیزاد بەرهەمی هێناون چیدیکە نین، ئەمەش وادەکات شرۆڤەکردنەکانی جوانی ڕەنگدانەوەی بنەما هزرییەکان بن کە لێوەی دەردەچن "لە ئەرستۆوە وەربگرین: جوانی بریتییە لە


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper26

کۆکردنەوەی ڕێکخستن لەگەڵ مام ناوەندی لەنێوان بچوک و گەورەدا "(د.عبدالكريم اليافي:1999). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەشەکان بەشێوەیەکی مام ناوەندو هاوسەنگ بەشداردەبن لە پێکهاتەی گشتدا، واتە ئەو ڕیزبەندی و هاوسەنگییە گوزارشتی جوانی بەرجەستە دەکات لە کۆی گشتدا. گەر نمونەیەکی دیکە وەرگرین لەلای بیرمەندی ئەڵمانی (هیگڵ) ئەو بەم جۆرە واتای جوانیناسی شرۆڤەدەکات و دەڵێت " جوانی بەرز دەبێتەوە بەتایبەت لەهونەری پەیکەری یۆناندا، کاتێک بیرۆکە لەگەڵ شێوەدا پێکەوە دەگونجێن و بەتەواوی بۆیەک دەشێن و هاوتا دەبن "(د.عبدالكريم اليافي، ص،٥٥:1999).بەم پێیە جێبەجێبونی جوانی لای هیگڵ لەو هاوسەنگی وهاوتەرییەوە سەرچاوە دەگرێ کە لەنێوان (وتە و واتا، شێوەو ناوەڕۆکدا) بۆیەک شیاویەکی تەواو هەبێت. هەر لە میانەی ئەم تێڕوانینە دەکرێ ئاماژەی بیرمەند و فەیلەسوفی ئەڵمانی (ئیمانویل کانت) بزانین کە جیاوازتر لە هیگڵ شرۆڤە دەکات و پێیوایە کە "هونەر نمایش کردنێک نییە بۆ شتێکی جوان، بەڵکو نمایشکردنێکی جوانە بۆ شتێک لە شتەکان، بۆ ئەم ڕوانگەیە بیرمەندی فەرەنسی (شارل لالۆ) دەڵێت "دەکرێت ڕشتەیەک زیادبکەین: هەرچەندە ئەو شتە ناشرین بێت "(هەمان سەرچاوە). ئەمەش ئەو ڕاستیە دەردەخات کە ڕێژەیی بونی درکپێکردن بۆجوانی لای مرۆڤ، لەو جیاوازیەوە سەرچاوە دەگرێت کە ڕێژەی بونی درکپێکردنەکە دەیخەملێنێ واتە جێبەجێکردنی جوانی و جێبەجێبونی، ڕاستی ڕێژەی بونی جوانی دەسەلمێنن، کە ئاڕاستەوە تەوژمە فکرییەکان کاریگەری و ڕۆڵیان لەو تێگەیشتن وبنیادنانەدا هەیە. دۆزینەوەی جوانی لەکارێکی هونەریدا، بەندە بەدرکپێکردنی هەستەکییەوە، لەم ڕوانگەیەوە دەشێت گوتارێکی ئیستاتیکی نێو پەیکەرێک درک پێبکرێت، کە هونەرمەند مەبەستیەتی بینەر درکپێبکات وئامانجەکەی وەدیهێنابێت، لەو دەربڕینەی کە مەبەستی بوە. بەبێ ئەوەی بینەرەکەی بیری لە سودێک یان قازانجێک کردبێتەوە لەو پرۆسەی درکپێکردنەی جوانیدا. تەنها مەبەستی داوەریکردنەکەی، چێژوەرگرتن بوبێت."جوانی ئەوەیە کە چێژێک بخوڵقێنێت بەدەر لەقازانج وسود، لەفام بەدەرو گشتی، کە چەشنی ئەنجامێک، بێ ئامانج بێت "(1892:E.KANT,p31). زەین ڕونی ودرککردنی هەستەکی، بڕیاری داوەری چێژ وەرگرتن دەدەن لەو بەرهەمە هونەرییەی، کە دەکەوێتە بەر کردەی بینەیی بینەرەکانی، کەواتە هەردو ئامرازی (زەین ڕونی، درککردنی هەستەکی) سەرچاوەی یەکەمی ئەو هەڵسەنگاندنەن بۆ بڕیاردان لەوەی کە ئەو بەرهەمە جوانە یان جوان نییە، ئەگەرچی هونەرمەند لە ئەو جوانیەشی لای خۆیەوە بەیان کردبێت لەبەرهەمەکەیدا، ئەوەی گرنگە بابەتی زەین ڕونی و درککردنی بینەرە بۆ بەرهەمەکە. لەنمونەیەکی لۆژیکی (کانت)دا ئەم بابەتە بەم شێوەیە ڕون دەکەمەوە (کاتێک کە شتێک بە جوان ناودێر دەکەین، بڕیارێک دەدەین جیاوازبێت لەبڕیارگەلی لۆژیکی و چەمکی عەقڵانی، ڕوکناس داناى عەقڵانی لەڕوکەوە وەچنگ دەخات، لەسەر بنەمای (ئەو داناییە) داوەری چەمکی و لۆژیکی دەکا، بەڵام درکی جوانی ڕوەک لەو لۆژیک وکارە عەقڵانییە جیایەو بۆ درکپێکردنی (هەستەکی) یان جوانیناسانە دەگەڕێتەوە. داوەری لەبارەی بەرناسێک، کاتێک کە دەگەڕێتەوە بۆلای خۆی جوانیناسانەیە. لەدرێژەدا دەڵێت: (بەلای منەوە ئەم گوڵە (جوانە) ئەم بڕیارەی من چەشەییە، بەڵام جوانیناسانە نییە، من لەهەستی خۆم دواوم، بڕیارێکی هەمەکی وگشتیم نەداوە، واتە زۆر بەسانایی هەستی خۆمم دەربڕیوە، لەڕاستیدا داوەرییە، پشت ئەستور بە زەوق و چەشەی تاکمەندو تاکە کەسییە،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper26

جێی باس وخواست وچەندو چۆن نییە. "بەگشتی داوەری چەشەی لەدەرەوەی قەڵەم ڕەوی دەسەڵاتی لۆژیکدایە، لەهەمان کاتدا جوانی چۆنایەتی بەرهەست یا ئۆبژێکتیڤی شتەکان نییە درککردنێکی زەینی (دەرهەست)یە" (ئەحمەدی،بابەک،لا،١٠١،٢٠٠٨) خاڵێکی دیکەی جیاواز لەفەلسەفەی کانت ئەوەیە لەبەرامبەر فەلسەفەکانی دیکەی پێش خۆی ئەوەیە، جیهانی لۆژیک و جیهانی زەوق، لێکدی جیادەکاتەوە لەبڕیاردان لەسەر جوانی فۆرمێک یان هەرشتێک کە دەڵێین جوانە. بەپێی تیۆرەی (کانت) جیهانی لۆژیک کە جیهانی دەرەوەی خودە، لە لایەکی دیکەوە (دیکارت) دەڵێت "زانستی جوانیناسی لێکۆڵینەوە دەکات لەجوانی، ئەمەش وەک چێژ بینین وایە، بەڵام دیزاینەرێکی ناوخۆیی یان گەلەری هەندێ شتی هەیە بۆ گوتن لەسەر جوانی "( دیکارت:١٩٦٠، لا ٤٨)، جیهانی نێوەکی کە جیهانی هەست وزەوقە، بڕیاری پەسەندی جوانی لەنێو خۆدایە و پەیوەستە بە جیهانی ناوەوەی خود، جیهانی لۆژیک جیهانێکی جیاوازە لەم جیهانە نیوەکییە، "ئاوەزپەسەندی کەپەیوەندی بەلۆژیکی عەقڵەوە هەیە، ناتوانێت داکۆکی لۆژیکیانە لەبڕیاری زەوق بدات، لەکاتێکدا هەردو جیهانەکە لەمرۆڤی بڕیاردەردا هەیە، عەقڵ ولۆژیک ناتوانن ڕونکردنەوەی یاسایانەی بەڵگە ئامێز لەسەر بڕیاری زەوق بدەن، تا ئەوانی دی بڕیاری جوانی ئەو پەسەند دەکەن ودەبێتە بڕیارێکی هەمەکی و گشتگیر"(ئەحمەدی،بابەک، لا،١٠١،٢٠٠٨)، بەم شێوەیە دەکرێت هەندێجار لۆژیکی عەقڵ و زەوق پێکەوە بڕیاری جوانی بدەن یان دەکرێت بەجیا بڕیاری جوانی بدەن، چونکە دو سەرچاوەی دڕککردنی جیاوازن بە جوانی،"جوانی سیفەتێک نییە تایبەت بێت بەسەد یان هەزار شت، چونکە ڕەنگە خەڵک یان ئەسپ و جلوبەرگ وکچ وجەنگ و شتەکانی تر جوان دیاربن، بەڵام لەسەرو هەمو ئەم شتانەوە جوانی جوانی خۆی هەیە"(راوية عبدالمنعم:ص 36)، ئەفلاتونیش باس لە جوانی دەکات واتای جوانی لە ناو بونە هەستپێکراوەکاندا بەمشێوەیە باس دەکات"کاتێ لە جوانی ناو بونە هەستپێکراوەکان ڕاماوە پاشان وردەوردە لە بابەتی ئەم جوانییە بەشییە مادییە هەستپێکراوە بەرزبۆتەوە بۆ گەیشتن بە هۆکاری یەکەم یا ئەسڵی باڵابوی لە (نمونەی جوانی بەخود) پاشان بەستویەتیەوە بە بەها ڕەهاکانەوە، حەق و خێر "(محمد ابو ریان:١٩٧٧، لا ٨).

### واتای جوانی و هونەر:

گومان لەوەدا نییە کە واتای هونەر واتایەکی گشتگیر لەخۆدەگرێ، بەو پێیەی کە چەمکە جیاوازەکانی ژیان و بون خاوەن هونەرێکی تایبەت بەخۆیانن. ئەمەش وادەکات کە ئەم چالاکییە کە چالاکیەکی مرۆڤایەتییە و ئامانج وخواستی تایبەتی هەیە، کە ئەوەش لە گوتارێکی دیاریکراودا بەرجەستە دەکرێ، لەبەرهەمێکی هونەریدا. کەواتە "جوانی هونەر خەسڵەتێکە تەنها هونەرەجوانەکان ناگرێتەوە (Fine arts) بەڵکو زۆرێک لەو بابەت وکردارانە دەگرێتەوە کە مەبەست لێی سودە، بەنمونە جوڵەی یاریزانێک کە بەهایەکی ئیستاتیکی دەبەخشێت، یان ڕێکخستن ونیشاندانی پاشماوەی شارستانیەتە دێرینەکان لەمۆزەخانەدا کە لەخزمەت مەبەستێکی نائیستاتیکیدایە "(ستولینتز، جیروم،ص،٢٨٥،ط،٢٠٠٧). لەلایەکی دیکەوەلە فەرهەنگی فەلسەفەی ڤۆڵتێردا هاتوە"جوانی زۆربەی هەرەزۆری ڕێژەییە، هەروەها بۆ نمونە جوانی ولێوەشاوەی هەیە لە یابان پەسەندە بەڵام لە ڕۆما پەسەند نییە،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper26

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە مۆدێلەکانی جوانی هەیە لە پاریس پەسەندە بەڵام لە پەکیین پەسەندا نییە، و ئەگەر بمەوێ دەرونی خۆم ئارام بکەمەوە ئەوا پێویستم بە لێکۆڵینەوەیەکی زۆرە لەسەر زانینی جوانیناسی" (ڤۆڵتێر:٢٠١٧،لا ٥١). دەکرێ بپرسین داخۆ ئەم بابەتگەلانە سەربە تیۆرەی جوانین (Fineness)و کارێکی هونەرین ؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسە " (جۆتشۆک) پێی وایە وەڵامەکە بابەتی (ڕێژەیە) پلەبەندییە بەقەدەر ئەوەی کە دەکرێ بابەتەکان سودێکی درکپێکردن و سەرنجراکێشان بێت کە ئەژمار دەکرێت بە (هونەرێکی جوان)"( ستولینتز، جیروم،ص،٢٨٥،ط،٢٠٠٧)، کەواتە لێرەدا دەکرێت ئاماژە بەڕۆڵی هونەرمەند بکەین لەدامەزراندن یان بەرهەمهێنانی ئەو بەرهەمەی بەرهەمی دەهێنێت کە داخۆ لەڕێگەیەوە چ گوتارێک بخولقێنێ بۆ ئەمە (جۆتشۆک) لە پەیامێکدا دەڵێت "هونەرمەند دەکرێ مەبەستگەلێکی جیاوازی هەبێت لەوکاتەی هەڵدەستێ بەهێنانەبون، لەوانەشە گەڕان بێت بەدوای پارە یان ناوبانگێک یان چاکسازی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەوانەی بەهونەری جوانەوە سەرقاڵ دەبن وکاری تێدا دەکەن بەوە جیادەکرێنەوە کەئەوان تێدەکۆشن بۆ پێکهێنانی شتێک کە جوانە، درکی پێبکەی" (جیرۆم ستولینتز:٢٠٠٧). کەواتە لەژێر ڕۆشنای باوەڕی (جۆتشۆک)دا دەگەینە ئەوەی کە هونەرمەند ئەیەوێ لەڕێگەی کاریگەرییە ئیستاتیکیەکانەوە کە ئامانجێکی تایبەتی هونەرمەندە کەدەیەوێ لەبەرهەمهێنانی کارەکەیدا ئاراستەی بکات. هەربۆیە بۆ ئەم مەبەستە کە هونەرمەند ئەیەوێ بابەتێکی ئیستاتیکی وەک ئامانجێکی دیار بەرجەستە بکات. مۆنرۆ(Munro) پێیوایە ئارەزوبون لەبەرهەم هێنانی بابەتی ئیستاتیکی، (ئامانجێکی دەرکەوتوە) ئەمەش ئەوە دەردەخات کە مەبەستەکانی هونەرمەند لەبەرهەمهێنانی بەرهەمە هونەریەکەیدا گوزارشتکردن و بەرجەستە کردنیەتی. نمونە گوزارشتکردن لە هەڵچونەکانی خۆی، کەواتە دەکرێ جارێکی دیکە بۆچونی (جۆتشۆک) بخەینەڕو لەسەر ئامانجی بەرهەمهێنانی بەرهەمی هونەرمەند کە دەڵێت "ئامانجی هونەرمەند هەرچییەک بێت، دەکرێت ئەم ئامانجە بکەوێتە چوارجێوەی تیۆریەکەیەوە، لەبەرئەوەی ئەو هەمو ئامانجانە هونەرین، کە دەکرێ وەربگێردرێت بۆ گوزارشتێک کە بەستراوە بەسیماتی درککردنی کامن، و بەباوەڕی جۆتشۆک (درککرکردنی کامن) واتە خۆبەدەستەوەدانی بەئاگایانە لەلایەن درککردنەوە بۆبابەت لەپێناو ئەو بەهایەی کەبابەتەکە پێشکەشی دەکات، یان گوزارشتێکی دیکە (تێرامانی ئیستاتیکی)"( ستولینتز، جیروم،ص،٢٨٧،ط،٢٠٠٧).بۆ ئەم مەبەستە دەکرێ تەنها مەبەستی هونەرمەند لەبەرهەم هێناندا ئامانجی ئیستاتیکی نەبێت، یان بەواتایەکی دیکە هێنانە بون لەپێناو بەرجەستەکردنی گوتارێکی جوانیدا نەبێت، ئەمەش پشتڕاستکردنەوەکی لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە تیۆرەی تاقیکردنەوە لەمەبەستی هونەرمەند لەلایەن (جۆتشۆک)ەوە دەبێتە یەقینێکی حەتمی و ئەم تیۆرەیە ڕەتدەکرێتەوە لەلایەن دژەکانیەوە، و لەهەمان کاتدا (جۆتشۆک) درک بەم واقیعە دەکات کە مەبەستی سەرەکیان هێنانەبونی بابەتی ئیستایکییە بەمەش ئەیەوێت ئەوە نادیدە بکات کە "ولیەم جیمیس بە (ڕاستییە سەخیفەکان)ی ناو دەبات لەبەرامبەردا دەیەوێت ئەوە بچەسپێنێ کە تیۆرەی (جوانی هونەر) دەوڵەمەنترین و گشتگیرترینە لە تیۆرەکانی دیکە لەهێنانەبونی هونەریدا "( ستولینتز، جیروم،ص،٢٨٧،ط،٢٠٠٧). دەردەکەوێت کە بابەتی ئامانجی ئیستاتیکی لەلایەن هونەرمەندەوە کێشمەکێشی زۆری لێبوەتەوە، کە دەکرێ هونەرمەند لەبەرهەم هێناندا، ئیستاتیک بەئامانج نەگرێت یان جوانی هونەری



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper26

پەیوەست نییە بەمەبەستی هونەرمەندەوە، بەڵکو لایەنی داهێنان کە پەیوەستە بە زەینیەتی هونەرمەندەوە لەکاتی داهێناندا کە ئەمەش بەشێکە لە دامەزراندنی بابەتە هونەریەکە.

## چەمکی گوتار: The concept of speech:

ناساندنی چەمکی گوتار دەچێتە چوارچێوەی ناساندنێکی زانستیانە کە تیایدا تەواوی سیماو خەسڵەتەکانی گوتار بگرێتەخۆ، دیارە گوتار وەک پێکهاتەیەکی وشەکاری لەڕوی زمانەوانی و بونیادەوە دەگەڕێتەوە سەر خێزانی ڕستە کە تیایدا پەیوەندی وشەکان لەگەڵ یەکدیدا لەپەیوەندیەکی بابەتی ومانادارى ڕێکخراودا ئامانجی ڕستەکە لەخۆیدا بۆ بەرامبەر دەگوێزێتەوە، گوتار هەڵگری ئامانجە، ئامانجێک لە گوتارێکەوە بۆ گوتارێکی دیکە جیاوازی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ.

کەواتە گوتار بەم پێیە دەشێت و دەشبێت لە ڕستە گەورەترو ڕێک پۆشترو لێکدراوتر بێت، کەواتە لەانەی گوتاردا ڕستەکان لە پەیوەندیەکی لۆژیکیدا پەیوەستدار دەبن بەیەکەوە و (دال و مەدلول) تیایدا فراوانتر دەستاودەست دەکەن، کە ئەمەش ئامانجی گوتار بەرجەستە دەکات."یاساکانی گوتاریش یارمەتیمان دەدەن کە ڕستەکان بەجۆرێ دەربڕین کە پەیوەندییان پێکەوە هەبێت، بە چەشنێک کە گوێگر یان خوێنەر بتوانێت بەئاسانی لە ڕستەیەکەوە بۆ ڕستەیەکی تر بچێت. ڕێساکانی گوتار دەبنە هۆی ئەوەی کە ڕستەکانی نێو پەرەگراف پەیوەندیەکی پتەو لۆژیکییان پێکەوە هەبێت و پەرەگراف پتەو و یەک پارچە بێت. ڕێساکانی گوتار یارمەتیمان دەدەن کە بتوانین بەشێوەیەکی لۆژیکییانە پەرەگرافەکان بەدوای یەکدا ڕیزبکەین و سەرەنجام دەقێک بێنینە کایەوە کە یەکپارچەو ڕێکوپێک بێت، هەڵبەتە تەواوی ئەو شتانە لەبەرئەوەیە کە پەیامەکە کاریگەرتر بێت "(عەلی سولحجو،لا،١١،٢٠٠٥). چونکە هەرکاتێک ڕستەکان لەیەکدی بترازێن و شوێنی واتاداری خۆیان جێبهێڵن گوتاریش لەمانا گشتی یەکەیدا کە پەیامەکەیە بەرەو لەقبون و لێکهەڵوەشان دەچێت. هەڵبەتە نابێ ئەوە لەبیربکەین لەنێوان دەق و گوتاردا جیاوازیەکی جەستەی وبابەتی هەیە کە هەریەکەیان لەوی دی ناچێت، بۆ ئەمەش گرنگە بڵێین "نابێت گوتار و دەق پێکەوە تێکەڵبکەین، گوتار بریتییە لە کۆمەڵێک توخم وئامراز ومەرج، ئەگەر بێت و یەکبگرن، دەق دروست دەبێت. بەدەربڕینێکی تر گوتار پرۆسەیەو دەق بەرهەمەکەیەتی. گوتار ڕو لەگەشەیەو دەق وەستاوە."(عەلی سولحجو،لا،١١،٢٠٠٥). کەواتە گوتار پێویستی بەوەیە جارێکی دیکە لەبەر ڕۆشنایی لێکدانەوەی زاراوەدا ڕاڤەبکەین، کە زۆرجار ئەم دەستەواژەیە بەرگوێی گەلێکمان کەوتوەو بەردەوام بەڕیدەکەوین. "زاراوەی (گوتار – discourse) لەو زاراوانەیە کە لای خوێنەری ئێمە زۆر بەکارهێنراوە، بەڵام مانایەکی زۆر ڕونیشی نەبوە. دالێک بوەو مەدلولێکی یەکتاو جێگیری نەبوە، هەر کەس و بەخەیاڵی خۆی ماناو مەدلولێکی پێ بەخشیوە کە جار هەیە پێچەوانە بوە."(وەلید عمر:چەمکی گوتار٢٠١٥). هەرچەندە گوتار بەهۆی بەکارهێنانی لە زۆربەی بوارەکاندا وەک بوارەکانی (سیاسی و ئابوری و ئاینی، هونەری) دەشێت هەندێجار لەبری وشەی گوتار هەندی وشەی دیکە بەکارهاتبێ وەک (سیستەم، پارادایم) هەرچەندە ئەم وشانە نەیانتوانیوە پاشەکشە بە وشەی گوتار بکەن، هەربۆیە بۆ تێگەیشتن لەواتای گوتار پێویستە تێبگەین کە گوتار بەتەنها



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper26

وتارێک یان مەقالەیەک نییە." گوتار تەنها بریتی نییە لە وشە، ڕستە، چەمک، گوزارە، وتار، پەیام، چونکە دەکرێت نەخشەیەک یان وێنەیەکیش بە گوزارە دابنێین، گوزارە بریتییە لە وتنی شتێک کە تەنیا مەرج نییە لە ڕێگەی ڕستەوە بێت، وێنەیەکیش دەتوانێت هەم گوزارە بێت وهەم کۆمەڵێک گوزارە کە دەکاتە (دەق) "(وەلید عمرچەمکی گوتار:٢٠١٥).بەپێیە دەشێت ئەوە بوترێت کە گوتار لە هەر بوارێک بەکار بهێنرێت دەبێت هەڵگری پەیامێکی ڕێکخراوبێت ئەوەش بەهۆی بونی نەخشەیەکی تایبەت لە خودی گوتاردا کە ڕێگەی گەیشتن بە پەیامی گوتارەکەمان پێ نیشان دەدات. ئەگەرچی ئەو گوتارە لە هەر کایەیەکی وەک ڕستە، وتار یان وێنەیەک بەکارهاتبێت "گوتار چەمکێکی فەلسەفییە کۆکردنەوەی ڕەگەزەکانیەتی وەک ڕستە، وشە، چەمک، گوزارە و پەیام، پێکەوە بۆ دروستکردنی نەخشەیەکی تایبەت کە ئامانج وئاراستەی خۆی هەیە"(وەلید عمر:٢٠١٥چەمکی گوتار). دەشێت هەر کردەیەک کە هەڵگری گوتارێک بێت چ ڕستە یان وتن، یان کردەیەکی پراکتیکی بە گوتار دابنرێت. هەربۆیە ناشێت لە نێو پێکهاتەی گوتاردا لێکترازان هەبێت، بەو پێیەی گوتار پەیوەندی بە پاشگرو پێشگر، بەواتایەکی دیکە گوتاری یەکەم و گوتاری دوەم هەیە، دەبنە تەواوکەری یەکدی کە ئەمەش (مخایل باختین) پشت ڕاستی دەکاتەوە بەمە کە "هەر گوتارێک پەیوەندیەکی نەپچڕاوی هەیە لەگەڵ گوتارەکانی دیکەدا، لە ئالوگۆڕێکی بەردەوامدان، ئەمەش زیندویەتی گوتار دەپارێزێ لە چوارچێوەیەکی لۆژیکی و زانستی ڕێکخراودا "(مخایل باختین:١٣٨٨لا،٢٥). بەپێی بۆچونی (باختین) گوتار پەیوەستە بە لۆژیکێکی ڕێکخراوەوە، بەمشێوەیە دەشێت ئەوەش بوترێت گوتارێک پەیوەندی هەیە لەگەڵ گوتارێکی پێش خۆی وگوتارێکی دوای خۆی، جارێکی دی (باختین) بۆچونی وایە "ئەم جۆرە لە پەیوەندی لە نێوان گوتاردا تەنها لە بواری ئەدەبیدا نییە، بەڵکو دەشێت گوتارێک لە ڕێگەی نەک تەنها نوسینێکی ئەدەبیەوە، بەڵکو دەشێت لەڕێی نواندنێکەوە یان تەنزێکەوە هەمان شێوەی گوتار بەرجەستە بکرێت "(مخایل باختین:١٣٨٨،لا ٢٨). ئەمەش ئەو فرەبواریەی گوتارمان نیشاندەدات کە دەشێت بە گفتوگۆ یان نواندن و تەنز یان نوسینەوە بەیان بکرێت و هەمان ئەو ئامانجانە بەدیبێنێت کە خاوەن گوتار ویستویەتی لە پەیامێکدا بە وەرگری بگەیەنێت.

## گوتار لە پانتای شێوەکاریدا: Discourse in the field of fine art

کردە هونەریەکانی (پەیکەر – تابلۆ – سیرامیک – گرافیک ...) ئەو پانتاییەن کە هونەرمەند دەیانکاتە بڵندگۆی دەربڕین، لەڕێگەی بەیەکەوە بەستنی چرکە ساتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی ئابوری کلتوری کۆمەڵگەیی، کۆکردنەوەیان لەگەڵ خودی خۆیداو یەکخستن و پەیوەستدارکردنی (بەش، گشت) لەکردەیەکدا کە ئامانجەکەی گوزارشتکردنە، هەمو ئەم دەربڕین و ڕێکخستنانە لەیەکەیەکی هونەریدا پشت دەبەستێت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ مەتریاڵدا وەک ناوەندێکی گەیاندن لەڕێگەی (بیرۆکە، شێواز، تەکنیک)ەوە، بۆ بەرجەستەکردنی گوتار "هونەرمەند بەهۆی توانستی هونەرییەوە دەشێت بتوانێت گوتارێک بۆ دەربڕینە دەرونیەکانی خۆی سازبکات، کە گرێدراوی داهێنانێکی جەوهەریانەیە لە کردەیەکی وەک دەقێکی بینەی، ڕەنگ، شێوە، هێڵ، و هەمو لایەنە تەکنیکیەکانی زمانی دەربڕین لە شێوەو قەبارە وبەکارهێنانی ئامرازو کەرەستەدا،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper26

هەمو ئەمانە گرێدراوی دەربڕینێکن، دەلالەتێکن کە دەشێت بەگوتاری شێوەکاری ناوببرێت"(مقدس حفیظە:٢٠١٧-٢٠١٨،ص٥٣). بەم حوکمە زانستیە هونەری شێوەکاری ئامرازێکی بنچینەییە بۆ گوزارشت، کە گۆشەنیگاو جیهانبینی هونەرمەند بەرجەستە دەکات لە کردەیەکی هونەریدا بە ئامانجی گەیاندنی پەیامێک، ئەمەش مرۆڤ لە ژیانی سەرەتاییدا بە شێوازێکی سادە گۆییانە بەرجەستەی کردوە وەک زمانحاڵی خۆی بەر لە قسەکردن، ئەویش لە ڕێگەی نەخشاندن و کێشانی وێنەی سەر دیوارەکانی ئەشکەوت، دەکرێ لەم تێڕوانینەی د. زوهیردا واتایی گوتاری هونەرمەندە سەرەتاییەکان لە دێریندا کە کە لە بەرهەمەکانیاندا بەرجەستەیان کردوە بەم جۆرە شرۆڤە دەکات و دەڵێت "ڕێگە بنەماییەکانی ڕێکخستنی (دال) لە هونەری سەرەتاییدا، پەیوەستدارە بە (مەدلول)ێکی بەرهەمهاتوی نێو ئەو کۆمەڵگەیە، هەروەک ئەوەی ناشێت خوێندنەوە بۆ بنەماکانی پێکهاتەی شێوە سەرەتاییەکان بکەین ئەگەربێت ولە گۆشەی پەیوەستداربونی شێوەکان لەگەڵ بابەت خوێندنەوەی بۆ نەکرێت، لەلایەکی دیکەوە ئەو بابەت و شێوە سمبولیانە ناکرێت لەگەڵ بیرۆکە لەیەک جیایان بکەینەوە، چونکە ئەم شێوانە نوێنەرایەتی بیرۆکەی مرۆڤەکان دەکەن کە ئەم بیرۆکانە بونەتە هۆی ئەزمونێک، کە کرانەوەی مرۆڤی بەڕوی خۆیدا بەدیهێنا کە دەشێت ئەم بەدیهێنانە لەبەرامبەر گوتاری شێوەکاری دابنێین "(د.زهیرصاحب، د.نجم عبدحیدر، د.بلاسم محمد:2004،ص 50). گوتار لە نێوەندی کردەی هونەریدا جیاواز لە گوتارێکی تیۆری خۆی دەنوێنێت، لەڕێگەی یەکخستنی پەیوەندییە بابەتی وئیستاتیکییەکان، ئەرکەکانی نێوان ڕەگەزە بەشداربوەکان کە لە توانایاندایە کاریگەری لەسەر دەرخستنی بەهای گوتارە کە دروست بکەن. ئەمەش ببێتە هۆی ئەوەی ئاستی کارلێک وکاریگەری بینەر (وەرگر)، بەرهەمی هونەری، لە ئاستێکەوە بەرێت بۆ ئاستێکی دیکە کە ئەمەش بۆخۆی ئەرکی گوتارە بینەییەکەیە، بەڵام دەربڕینی گوتار لەڕوی تیۆرییەوە جیاوازە لە دەرکەوتنی گوتاری بینەی، لە بزاوتی شێوەکاریدا، گرنگە ئاماژە بە مێژوی دەرکەوتنەکەی بکەین وەک (شەوکە الربیعی) ئاماژەی بۆدەکات کە یەکێکە لە توێژەرە عەرەبەکان پێیوایە "سەرەتای نوسینەکان لە گوتاری شێوەکاریدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەم، کە ئەویش بەڕەخنەی هونەری لە میسر دەژمێردرا، بەهۆی کراوەیی بەرامبەر بە کلتوری ڕۆژئاوا لە پێش ئەوانیترو هاتنە ژورەوەی چاپ ونوسین بۆی بۆ ماوەیەکی درێژ لە پێش وڵاتانی دیکەی عەرەبەوە(،ربیعي.شوکت.ص،١٢٧،١٩٨٨). ئاشنابون ونزیکبونەوەی کلتوری گەلان لەگەڵ یەکتردا، تەنها بەرهەمی چالاکییە بازرگانییەکان نەبوە، بەڵکو هونەری شێوەکاری وەک چالاکییەکی بەتوانای فیکری و مرۆڤایەتی هۆکاری ئەم ناسین و نزیکبونەوەو گەیاندنەیە، هەربۆیە دەکرێ ئاماژە بەوە بکەین کە "دەکرێت هونەری شێوەکاری بەو شێوازە گوزارشت لێبکەین، جوڵەیەکی چالاک و گەیەنەرو نزیککەرەوەیەکی زیندوە لە نێوان و گەلان ونەتەوە جیاوازەکانی ئەم جیهانەدا، کە دەبێتە هۆکار بۆ گۆڕینەوەی ڕۆشنبیری و داهێنانەکان و زانیاری وبیروبۆچونەکان، مەعریفەی جیاواز، هەمو ئەمانە دەبنە شارستانیەت بۆ نەتەوە جیاوازەکان، دواجار ئەم پەیوەندی وبەیەکەوە بونە شارستانییە دەشێت بە گوتاری شێوەکاری ناوببرێت"(مقدس حفیظە:ص٥٧،٢٠١٥،). لێکدانەوەو شرۆڤەکردنی (گوتار) و هەڵێنجانی لەنێو دەقە بینەییەکاندا بەبێ ناسین ولێکدانەوەی پەیوەندی ڕەگەزەکانی بەشداربو بەرهەمنایەت. گومان لەوەدا نییە کە گوتار لەدەقەکاندا جیاوازن،


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper26

ئەم جیاوازییەش لە جیاوازی (بیرۆکە، شێواز، دامەزراندن)ەوە سەرچاوە دەگرێت، کە دەقەکان بە (بینراو، بیستراوە)وە کۆکراوەو پێکەوەگرێدراوی ئەو ڕەگەزە گەلانەن کە لەناو یەکە گشتیەکەدا (الوحدة المتكاملة) نوێنەرایەتی دەق دەکەن. کەواتە دەقەکان بەگشتی هەڵگری گوتاری خۆیانن، بەڵام گوتاری جوانیناسی پرسی توێژینەوەکەیە.

## گۆڕەپان: Square:

### مێژوی گۆڕەپان:

گۆڕەپان و مەیدانەکان بەشێکی دیارن لە نێو شوێنگەی نیشتەجێبونی مرۆڤدا لە نێوەندی شار وشارۆچکەکاندا کە بەپێی پلان و شێوازی ئەندازەیی ڕێکخراون، بەشێوەیەکی هاوسەنگ و گونجاو لە ڕوی بەهای وەزیفی و جوانییەوە.

گۆڕەپانەکان بەپێی هەلومەرجی جوگرافی نەخشەسازییان بۆ کراوە، کە بەپێی ئەرکەکەی دیزایین کراوە، کە پەیوەستە بەجۆری بەکاربردنەکەی لەلایەن کۆمەڵگەوە بۆ ئەمەش کوین لینج لە کتێبی (The image of city) سیماکانی شار، دەڵێت "گۆڕەپان فراوانتر و گشتگیرترە لە مەیدان و فولکە، چونکە بۆشاییەکی فراوانتری هەیە کە لە کۆمەڵێک ڕێگای یەکتربڕ پێکدێت بە شوێنی کۆبونەوەی فراوانی جەماوەری دادەنرێت، کە دەشێت لەنێو گۆڕەپاندا مەیدان هەبێت، بەڵام مەیدان فەزایەکی بچوکترە لە گۆڕەپان و هەمان وەزیفەی گۆڕەپانیشی هەیە بەڵام بە مەودایەکی بچوکتر، فولکە (Roundabout) فەزایەکی بچوکتری دانیشتن و وەستانە، کە چەند ڕێگایەک بە دەوریدا دەخولێنەوە "(بررسی معناشناختی سه واژه، میدان، گره، فلكه ل٥٠-٥١). لەم تێروانینەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە گۆڕەپان بەپێی شوێنگەی جوگرافی و قۆناغەکانی بەرەوپێشچونی کۆمەڵگە لە شارستانیەتە جیاوازەکاندا گۆڕەپان چەند شێوە و قەبارەیەکی وەرگرتوە، بەڵام لەڕوی بەکاربردنەوە بۆ مەبەستێکە ئەویش گردبونەوەی جەماوەرییە. لێرەدا ئاماژە بەبونی گۆڕەپان دەدەین لە شارستانیەتە جیاوازەکاندا و لە شوێنگەو جوگرافیای جیاوازدا کە گۆڕەپان لە هەریەک لەو شارستانیەتانەدا شێوە و پێکهاتەکەی جیاوازە ئەمەش بەهۆی ئەو شێوازی بەڕێوەبردنەی کە لەو شارستانیەتەدا پەیڕەوکراوە.


### گۆڕەپان لە مێژووی دێریندا:

ئاشکرایە کە شارستانیەتی دێرین لەسەر بنەما باوەڕداریەکان دامەزراوە کە لە ناویاندا هەریەک لە ئایینە دێرینەکان بەپێی ئامانج و باوەڕە ئاینیەکانیان شوێنی نیشتەجێبون وژیانکردنیان لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراندوە و لە ناویدا گۆڕەپان کە ئەو بەشە بوە کە تیایدا جێگەی بەڕێوەبردنی سروتە ئاینییەکان ونمایشکردنی کارە هونەری و گوتارە جیاوازەکان بوە، چونکە پانتاییەک بوە بۆ کۆبونەوەی کۆمەڵگە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper26

**١- شارستانیەتی دێرینی ئاشور:-** ئەوەی لە کۆمەڵگەی ئاشوریدا بەدیدەکرێت ئەوەیە کە کۆمەڵگای ئاشوری کۆمەڵگەیەکی ئایینی بوە کە کۆمەڵگەکەی ناچارکردوە پەیوەست بێت و پابەندبێت بە بنەما ئایینیەکانەوە کە سەپێنراوە بەسەریدا ئەوەیە کە کۆمەڵگەیەک بون گرنگییان بە بواری تەلارسازی و هونەر داوە، لەسەر بنەمای ئەو بایەخ پێدانە پلان و دیزانی شارسازیان دامەزراندوە، ئەمەش لە چوارچێوەی پابەندبون بوە بە پرەنسیپە ئایینیەکانەوە. ئەمەش هۆکار و ئامرازی کاریگەربوە بۆ ئەوەی خاوەن شوناسێکی تەلارسازی تایبەت بە خۆیان بن و بەپێی شوێنی جواگرافی ناوچەکەیان شێوازێکی تایبەت لە تەلارسازی بنیادنێن وەک پەرستگە و زەقورە و گۆرەپان دابمەزرێنن. وەک وێنەی (١). بەدیدەکرێت کە گۆرەپان لە پانتایی شارسازی ئاشوریدا هەبوە.

ئەوەی لە وێنەی (١)دا بەدی دەکرێت ئەوەیە کە پێکهاتەی شارسازی ئاشوری لەڕوی بونیادەوە گۆرەپان بەشێکبوە لەو پێکهاتە و بونیادە، بەجۆرێک گۆرەپان بوەتە بەشێکی تەواوکەر لە پرۆسەی شارسازی ئاشوریدا، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە گۆرەپان هەرچەندە وەک پانتاییەکی سەربەخۆ بەدیدەکرێت بەڵام وەک یەکەیەکی سەربەخۆ بەدی ناکرێت، کە وەک لە وێنەی(١) دا دیارە گۆرەپان بە تەلار و خانوەکان دەورە دراوە و هەمو دیزاینی شارسازییەکە بە شورایەک تەوق دراوە، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ شێوازی تایبەتی خۆبەڕێوەبەری شارستانیەتی ئاشوری. لەلایەک




وێنەی(١): نەخشەی شارسازی لە تەلارسازی ئاشوریدا.https://en.wikipedia.org/wiki/Dur-Sharrukin

دیکەوە گۆرەپان وەک یەکەیەکی سەربەخۆ بەدی دەکرێت لە نێو گشتێکی سەربەخۆدا، ئەم شێوە دامەزراندنەی گۆرەپان وایکردوە گۆرەپان لەڕوی پێکهاتە و شێوە و فۆرمێکی تایبەتی هەبێت کە جیاوازە لە فۆرمی تەلار و خانوەکانی چواردەوری خۆی، بەڵام دەشێت ئەوە بڵێین لە ڕوی وەزیفەوە هەمان ئەو وەزیفەیەی هەیە کە شوێنی کۆبونەوەی جەماوەرییە. لەلایەکی دیکەوە وەک لە وێنەی (٢) ئەوە بەدی دەکرێت گۆرەپان ناوەندێک و پانتاییەک بوە بۆ نمایشکردنی کردە هونەرییەکان کە بەشێوەی پەیکەری دیواربەند نمایشکراون. گۆرەپان شونێکی گشتی بوە بۆ کۆبونەوە بۆیە دەشێت لەبەر ئەم هۆکارە شونێکی گونجاو بوبێت بۆ نمایشکردنی کردە هونەرییەکان وەک پەیکەری دیواربەند. ئەوەی جێی ئاماژەیە وەک لە وێنەی (٢) دا دەردەکەویت پێکگونجاند و هاوسەنگیەک بەدی دەکرێت لە نێوان پێوانە و ئاراستەی شێوەی پەیکەرە دیواربەندەکە و دیواری ڕاگری


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper26

گۆڕەپانەکەدا، لە هەمان کاتدا بە گرنگی و بایەخەوە سەرنج خراوەتە سەر هاوسەنگ بونی فەزای بینین لە نێوان بینەر و کارە هونەریەکەدا، ئەمەش بە هۆی گرنگی گۆڕەپان کە پانتاییەکە بۆ کوبونەوەی جەماوەری و نمایشکردنی کاری هونەری کە هەڵگری گوتارن. ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە گۆڕەپان فەزایەکی گشتییە، بۆیە لەڕوی بەکاربردنەوە وەک فەزایەکی گشتی بەرێوەدەبرێت و کە شارستانیەتی ئاشوری خاوەنداریێتی دەکات بەپێی پرەنسیپە باوەکانی حوکمداری ئاشوری.

**گۆڕەپان لەسەردەمی نوێدا:-**

سەردەمی نوێ ڕەهەندێکی دیکەی بە گۆرەپان بەخشی ئەویش ڕەهەندی بەجیهانیبون بو، گۆڕەپان ئەو قۆناغەی تێپەڕاند کە لە نێو جوارچێوەی یاسا سەپێنراوەکانی شارستانیەتەکاندا دابمەزرێت و لەڕوی بەکاربردنەوە تایبەت بێت بەو شارستانیەتە، بەڵکو گۆڕەپان لەسەردەمی نوێدا بوە شوێنگەیەک و فەزایەکی گشتی کە تێیدا وەک ناوەندێکی فەرهەنگی و شونگەیەک بۆ بەسەربردنی شارنشینان، هەر بۆیە دەشێت ئەوە بڵێین کە گۆڕەپان لەسەردەمی دێریندا هەڵگری ماهیەتی سەپێنراوی خواستی دەسەڵاتداران بووە،بەڵام سەردەمی نوێ ماهیەتی گۆراپانی گۆڕی لە خواستێکی



وێنەی (٢): گۆرەپانی ناو شاری ئاشور لە ( ٩١١ – ٦١٢ ) پێش زاین.

سەپێنراو بۆ وەڵامدانەوەی خواستی کۆمەڵگە، لە شارستانیەتی دێریندا کۆمەڵگە ناچاربوە بەخواستە ڕازی بێت کە گۆرەپانی پێ بنیادنراوە، بەڵام لەسەردەمی نوێدا گۆرەپان دەشێت بەوجۆرە بێت کە کۆمەڵگە خواستی لەسەرە." لە سەردەمی نوێدا تانانەت گۆڕانکاری بەسەر چەمکی گۆڕەپاندا هاتوە ئەمەش دوای پەیدابونی شۆڕشی پیشەسازی و هاتنە ناوەوەی ئۆتۆمۆبێل بۆ ناو شارەکان کە چەمکی گۆرەپان ناوی دیکەی وەک ناوەندێکی گواستنەوە وەرگرت "(محبوبە فاتحی فرج:١٣٦٩). ئەمەش لە پێناوی گونجاندن و بەدیهێنانی هاوسەنگی نێوان شۆرشی پیشەسازی وخواستی کۆمەڵگە. فەزای گشتی شار ناوەندێکی گونجاوە بۆ کۆبونەوە و بەریەککەوتن، ئەم تێکەڵاوییە کۆمەڵایەتییە، هۆکارێکی گرنگە کە کاریگەری خۆی لەسەر بینەرەکانی ئەو فەزایە جێدەهێڵێت، وەک لە وێنەی (٣)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper26





وێنەی(٣)گۆڕەپانی تەحریر لە بەغداد

دا دیارە. بۆیە لە ڕەهەندەکانی ئەم کاریگەریەوە گۆڕەپان گرنگی پێدراوە "فەزای گشتی – گۆڕەپان وەک بەشێکی گرنگ لە پێکاتەی شار بەشداردەبێت، ئەم فەزایە شونێکە کە زۆرترین بەریەککەوتن و بینین لە نێوان تاکەکانی ئەو پانتایە و فۆرمەکانی ناو ئەو پانتایە ڕودەدات، هەربۆیە لەم ساڵانەی دوایدا بنیادنان و نەخشەسازی شار بەرامبەر بە بەریەککەوتنە کۆمەڵایەتیەکان بەشێوەیەکی هەستیار داڕێژراوە، چونکە کاریگەری باش و ناباش لەسەر کۆمەڵگە بەجێدەهێڵێت "(مهدیە فرح بخش،لا٢). لەم تێڕوانینەوە دەکرێت پەیوەندییەکانی نێوان گۆڕەپانێک و تاکێکی کۆمەڵگە بە پەیوەندیەکی گرنگ و دوانە و دوێنراو تەمەشا بکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی بەریەککەوتنەکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆیە و کاریگەرییەکان ڕاستەوخۆ دەگەنە بینەرەکە.وەک وێنەی (٤).



وێنەی (٤):گۆڕەپانی بەردەرکی سەرا لە سلێمانی

**گۆڕەپان وەک پانتایەک بۆ جێگیرکردنی پەیکەر:-** گۆڕەپان وەک شوێنگەیەکی کراوە کە ئەمە ڕەهەندێکی دیارو بەرچاویەتی دەچێتە خزمەتی ئەو کردە هونەرییە پەیکەرانەی کە دەشێ ببێتە شوێنگەی نیشاندان و جێگربونی. بەو حوکمەی کە گۆڕەپان پانتاییەک لە هەرچوار ڕەهەندەکەوە فەراهەمدەکات بۆ بینین، وادەکات دەرکەوتنی (پەیکەرەکان) بەشێوەیەک بەرجەستە ببێت کە تەواوی ڕەهەندە ئستاتیکییەکانی دەربکەون لەڕوی (قەبارە و ئاراستە، جوڵەوە) کە ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ دەرخستنی بەهای پەیکەرەکان لەڕوی هونەری و بینەییەوە کە تەواوی ئەو ڕەهەندانەش ئاستی تەکنیکی و هونەری و بینەیی هونەرمەند بەرجەستە دەکات لەڕوی بە ئاگاییەکەیەوە لە دەسنیشانکردن و دەمەزراندنی هەمو ئەو یەکانەی لەخزمەتی ئەو کردە هونەرییەدا بەکاردەبرێن هەر لە دیزاینکردنی گۆڕەپانەکە تا سەکۆی جێگیرکردنەکەش، کە ئەمەش بە هەماهەنگی ڕێکدەخرێت لە نێوان بیرۆکەی کارەکە و ئەو پانتاییەی کە وەک گۆڕەپان دەکرێتە شوێنگەی کردە پەیکەرەکان، بۆیە دەشێت گۆڕەپان ئەو ڕەگەزە بنەڕەتیە بەشداربوە بێت کە دەبێتە ئامرازێکی گرنگ بۆ گەیاندنی فۆرمی پەیکەرەکان بە بینەرەکانیان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper26

لە بەریکەوتنێکی ڕاستەوخۆدا و لە فەزایەکی چوار ڕەهەندا." بونی پەیکەریک لە فەزای گشتی گۆڕەپانێکدا دەبێتە یەکەیەک لە پێکهاتەی یەکەی گشتی شار، بۆیە دەشێت پەیکەرێکی جێگیرکراو لەو گۆڕەپانە ببێتە یەکەیەکی ئیستاتیکی لە یەکە گشتییەکەی شار، بەم پێیە پەیکەرێک لە ڕۆڵی بەرجەستەکردنی جوانیدا دەبێت لەگەڵ ئەرکی دیکەی وەک فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی "(حمید رضا شیبات، سغد احمد فروزندە،لا ٢). لەم دیدەوە دەشێت فەزای گشتی گۆڕەپان وەک پانتاییەکی گرنگ و فاکتەرێکی ئەرێنی دەسنیشان بکرێت کە ڕەهەندەکانی جوانی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی تێدا جێگیر دەکرێت، کە بەهۆی



وێنەی(٥): پەیکەری ( پیاو و ژن ) وڵاتی جۆرجیا

کردەی بینەی و درککردنی هەستەکییەوە بینەرێک درک بە جوانی و گوتارەکانی ئەو پەیکەرە دەبات کە جێگیر کراوە "درککردنی جوانی یەکێکە لە کردە هەستەکی و نیازەکانی مرۆڤ، بۆیە بونی پەیکەرێک لە گۆڕەپانێک دەبێتە ئە هۆکار و ئامرازەی کە کردەی هەستەکی ودرککردنی جوانی بۆ خۆی ڕادەکێشێت" (حمید رضا شیبات، سغد احمد فروزندە،لا٢). ئەم کردەی بینین و درککردنی هەستەکی جوانی کاتێک دەبێت کە گۆڕەپانێک و پەیکەرێکی جێگیرکراو تێیدا بونی هەبێت. وەک وێنەی (٥).

## بەشی سێهەم

### ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی توێژینەوە:

**١: کۆمەڵگای توێژینەوە:** لەبەر فراوانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە لە سنوری پەیکەرسازیدا، کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە بەرهەمەکان، توێژەر (٢) نمونەی دەست نیشانکردوە کە بەمەبەست هەڵبژێردراون و گونجاون لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکە.

**٢: نمونەی توێژینەوە:** نمونەکان کە ژمارەیان (٢) نمونەیە توێژەر بەمەبەست هەڵبژاردون کە لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکەدا گونجاون.

**٣: ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری:** توێژەر سەرچاوەکانی نمونەکانی توێژینەوەکە، توێژەر گەڕاوە بۆ بەدەستهێنانی نمونەی گونجاو لە ڕێگەی گەران وسەردانی مەیدانی بۆ ئەو شار و ناوچانەی کە پەیکەر لە گۆڕەپانەکاندا جێگیر کراوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper26

٤: **میتۆدی توێژینەوە:** میتۆدی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە میتۆدی (پەسینی شیکاری) وەصفی شیکاری، بەو هۆکارەی ئەم میتۆدە کۆمەڵێک خەسڵەتی تێدایە کە لەگەڵ توێژینەوەکە و ئامانجەکەی دەگونجێت.

٥: **ئامرازی شیکارکردن:** (چاوپیاخشاندن، شێوازی داڕشتن، مەتریاڵ و خستنەڕوی گوتاری جوانیناسی پەیکەر)



شیکردنەوەی نمونەکان: نمونەی (١)

هونەرمەند: هادی زیاءدین

ناونیشان: سەرکردە شێخ مەحمود

پێوانە: بەرزی پەیکەر ٣ مەتر

بەرزی سەکۆ ٣ مەتر

ساڵی بەدیهێنان: ٢٠٠٥

مەتریاڵی بەکارهاتو: فایبەرگلاس

شوێن: سلێمانی – پارکی مەلیک مەحمود

پێکهاتەی ئەم پەیکەرە لەڕوی فۆرمەوە بریتییە لە یەک فیوگەری واقعی کە ڕاوەستاوە لە دۆخێکی وەستاو و بێ جوڵەدا کە ئەویش پەیکەری کەسایەتییەکی مێژوی و سەرکردەی کوردە بەناوی (مەلیک مەحمود)، ئەم بەرهەمە هونەرییە لە بارێکی ستونیدایە و بەشێوەیەک پێوانەی پەیکەرەکە (٣م) بەرزە، پێوانەی سەکۆکەشی کە لەسەری جێگیرکراوە و بەشێوەیەکی ستونی و ئاڕاستەی بازنەی وەرگرتوە، پێوانەکەی (٣م)ە، لەڕوی پێکهاتەی مەتریاڵەوە بە مەتریاڵی (فایبەرگلاس) داڕێژراوە.

لایەنی جوانیناسی ئەم کردە هونەرییە دەکرێت لەچەند ڕەهەندێکەوە ڕاڤە بکرێت، بۆ دەرخستنی لایەنی جوانیناسی، هونەرمەند لەڕوی بەرجەستەکردنی ئەم کەسایەتیە کە سەرکردە و مەلیکی کورد بوە، پەنای بردۆتە بەر شێوازی ئەکادیمی بۆ بەرجەستەکردنی پەیکەرەکە، بەشێوەیەک کە سەرجەم پرەنسیپەکانی ئەکادیمی بونی لە پەیکەرەکەدا بەرجەستە کردوە توانیویەتی وێنای ئەو سەرکردە کوردە بەشێوەیەکی واقعی پیشان بدات، کە خۆی لە لایەنی تەکنیکی و ساو(ملمس)و مەلامحی تێکڕای بەرهەمە هونەریەکەدا دەبینێتەوە، هونەرمەند بەشێوازی کاریگەری خۆی بۆ ئەم کەسایەتییە گوزارشتی لە داڕشتنی پەیکەرەکە کردوە، بە ڕەچاوکردنی پێگەی کەسایەتیەکە لە مێژوی ناوچەکەدا، ئەم تێڕوانینەو هونەرمەند بۆ کەسایەتیەکە وایکردوە هونەرمەند جارێکی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper26

دیکە وەک پێویستی و زەروریەتی نیشانی ئەم کەسایەتیە وەک سەرکردە هەوڵی داوە ئەو فۆرمەکانی وەک (خەنجەر و تفاقی سەربازی و مەلامحی جلی کوردی) بکاتە ئامرازو فاکتەری کاریگەری دەربڕینی خۆی بەشێوەیەکی جوانیناسانە بە جۆرێک لەلایەک پێویستیەکانی تەواوکاری کەسایەتیەکە تەواوکات لەڕوی دارشتنەوە لەلایەکی دیکە بیانکاتە ئامرازی نیشاندانی لایەنی ئیستاتیکی پەیکەرەکە، کە ئەمانە وەک یەکەیەکی ئیستاتیکی لە گشتێکی ئیستاتیکیدا بەدیارخراون. لەهەمان کاتدا هەریەکە لە ئامرازی (خەنجەر، تفاقی جەنگ) خاوەن گوتارێکی خۆیانن لەڕوی پێویستییەوە هونەرمەند جارێکی دیکە ئەو دیمەنە وەزیفییەی لە لایەنێکی ئیستاتیکیدا بۆ بەدیارخستوین لەگەڵ گوتاری خۆیدا. هونەرمەند تایبەتمەندی جلوبەرگی کوردیدا بەشێوازێکی جوانیناسانە بەرجەستەی ئەو سومبولە کوردیەی کردوە کە جلوبەرگی کوردی و هەردو سومبولی فەقیانە و پوزەوانە لە کارەکەدا بە شێوازێکی جوانیناسانە بەرجەستە کردوە کە ئەم شێوازە لەبەرجەستەکردنە دەگرێتەوە بۆ شێوازی تایبەتی هونەرمەند و کاریگەربونی هونەرمەند بۆ بابەتی دارشتنی کارە هونەریەکە. لەڕوی جوڵەی پەیکەرەکەوە هونەرمەند جوانیەکی وەستاوی (جوانی مردو)، بەرجەستە نەکردوە، بەڵکو هونەرمەند بە دارشتنی پەیکەرەکە لە دۆخێکی جولاوی ڕاوەستاودا بە شێوەیەکی بازنەی ئەو جوانیەی کە بەرجەستەی کردوە لە دۆخێکی جوالاودا هێشتۆتەوە، لێرەدا بینەو درک بەو جوڵە بەردەوامە دەکات کە لە دارشتنی پەیکەرەکەدا بەرجەستە کراوە. کە بە جۆرێکە قاچی ڕاستی بەشێوەیەکی جێگیر و لە جوڵەدا ڕاوەستاوە بەڵام لە جوڵەیەکی بەردەوامدایە کە جوڵەیەکە بۆ پێشەوەیە، قاچی چەپ لە تاشە بەردێک لەسەر ئەژنۆ جێگیرکراوە کە ئەمەش نیشانەی جێگیربون و بەهێزی پیشان دەدات، کە هونەرمەند لێرەدا لەژێر کاریگەربونی بە دارشتنی ئەم پەیکەرە، ئیستاتیکای مەتریاڵی بەرد لە گوتارێکی ئیستاتیکیدا و ئاوێتە لەگەڵ سمبولی داستانی (بەردە قارەمان) بەرجەستەکردوە، بە کۆی جوڵەی جوانیناسی ئەم پەیکەرە گوتارێکی جوانیناسی نیشانداوە.

بەکارهێنانی (ئالا) وەک هێمای سەرکەوتن وشەکاوەی لە دۆخێکی جوالاودا کە بە هەردو دەستی ڕایگرتوە، لەڕوی دارشتنی هونەرییەوە پێکگونجان و هاوسەنگی بەدیهێناوە لەگەڵ جوڵەی فیوگەرەکە. کە ئەمەش دەکرێت بەشێکی دیکەی گوتاری جوانیناسی بەرهەمە هونەرییەکە بێت.

لەڕوی جێگیرکردنی ئەم پەیکەرە لەسەر سەکۆیەکی بازنەی بێگومان هونەرمەند جارێکی دیکە سەکۆی وەک بەشێکی تەواوکاری لەم پەیکەرەدا بەکارهێناوە و بەو بەرزیە کە (٣م)ە، لەهەمان کاتدا بەشێوەیەکی بازنەی کە ئاکۆنی بازنە نیشانەی بەردەوامییە و هونەرمەند ئەو دیمەنی سەرکەوتنەی بەنەمری و لە گوتارێکی ئیستاتیکدا هێشتۆتەوە، لە هەمانکاتدا هارمۆنی بونی جوڵەی پەیکەرەکە کە لەسەرەوە بۆ خوارەوە بەشێوەیەکی بازنەییە لەگەڵ سەکۆ بازنەیەکەدا فەزایەکی هاوسەنگی بۆ بینین فەراهەم کردوە، کە دەکرێت لەکۆی گشتی بەرهەمە هونەرییەکەدا درک بە جوانی بکرێت. جێگیرکردنی ئەم کردە هونەرییە لەم پانتای گۆڕەپانەدا جارێکی دیکە لایەنە ئیستاتیکیەکانی ئەم پەیکەرەی لە فەزایەکی فەراهەمکراودا بە سانایی بۆ بینەرەکەی دەگوازێتەوە، لەهەمان کاتدا


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper26

جێگیرکردنی لەم گۆڕەپانەدا جارێکی دیکە ڕەهەندەکانی جوانیناسی دارشتنەکە لە فەزایەکی کراوەدا دەگەیەنێتە وەرگرەکە.





نمونەی (٢):

هونەرمەند: بەرزان ئەحمەد

ناونیشان: خۆری کۆبانێ

مەتریاڵ:پەیکەر: برۆنز

پێوانە: پەیکەر ٣ مەتر

سەکۆ ١،٦٠سم/فایبرگلاس

ساڵی بەدیهێنان: ٢٠١٥

شوێن: سلێمانی-گۆڕەپانی سەرچنار.

پێکهاتەی گشتی ئەم کردە هونەریە لەڕوی دارِشتنەوە پێکهاتوە لە فیوگەرێک کە بەشێوازی گوزارشتگەرای بەرجەستەکراوە، لەسەر شێوازێکی ستونی و لەسەر سەکۆیەکی چوارگۆشە، ڕاوەستاوە و لە ڕوی تەکنیکەوە لە جوڵەیەکدایە بە ئاڕاستەی پێشەوە، کە بەرزی پەیکەرەکە (٣م) و بەرزی سەکۆ کە بەرهەمە هونەرییەکەی لەسەر جێگیرکراوە (١،٦٠ سم). بە مەتریاڵی ڕۆنز دارِێژراوە و باس لە شەهیدبونی کچێک دەکات لە شەڕی شاری (کۆبانێ) لە ڕۆژئاوای کوردستان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper26

هونەرمەند لە بەرجەستەکردنی گوتاری جوانیناسی بەرهەمە هونەرییەکە، پشتی بەستوە بە دەرخستنی سیماکانی جوانیناسی لەڕوی تەکنیکەوە، چ لەڕوی ئاراستە و جوڵەی هێڵەکانەوە بێت چ لەڕوی جوڵەی گشتی فیوگەرەکە، هونەرمەند لە دیدی درککردنی خۆی بۆ جوانی ئەم شێوازە جوڵەی تەکنیک و هێڵی بەکارهێناوە، بۆیە بە سەنجدان لە بەشی سەرەوەی فیوگەرەکە و بەشی خوارەوەی فیوگەرە جوڵەو ئاراستەی هێڵەکان لە پێشەوە و بەرەوە دواوەن، کە وەک نیشاندانی بەرەو پیشچون بە ئاراستەی پیشەوە و نەبەزین بەدی دەکرێت ئەمەش بەیانکردنی سمبولی سەرکەوتنە لە دیدی جوانیناسانەی هونەرمەندەوە، لەلایەکی دیکەوە بەرجەستە کردنی شێوەی ڕوخساری فیوگەرەکە بەشێوەیەکی ناواقعی و هارمۆنیکردنی لەگەڵ تەکنیکی بەشی خوارەوە ئەو تەواکارییەی بەدیهێناوە کە وەرگر لە میانی تێڕاماندا درکی پێدەکات و گشتێکی جوان بەدی دەکات.هونەرمەند لەو بەشەی کە پەیکەرەکەی لەسەر جێگیرکراوە لەسەر سێ لای سەکۆکە بە شێوەیەکی ئەکادیمی فیوگەری بەرجەستە کردوە، ئەمەش جارێکی دیکە هونەرمەند دەمانبات بۆ درککردن بەجوانییەکی دیکە کە جیاوازە لە پەیکەرەکە کە لەسەری جێگیرکراوە کە بریتییە لە کۆمەڵە فیوگەرێکی ئەکادیمی و هەڵگری جوڵەی جۆراوجۆر ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت هونەرمەند هەوڵی داوە لە نێوان فیوگەرێکی هاوچەرخی ناواقعی و فیوگەرە ئەکادیمیەکانی خوارەوە پێکگونجاندنێکی ئیستاتیکی بەدیبهێنێت کە لە کۆتایدا بەگشتی فەزایەکی جوانیناسی فەراهەم کرابێت کە وەرگر درکی پێبکات و درک بەو گوتارە بکات کە هونەرمەند بەدیهێناوە.بەکارهێنانی چوارە ستون لە هەر چوار زاویەکانی کردە هونەریەکە جارێکی دیکە هونەرمەند کۆمان دەکاتەوە و ناهێڵێت لە چوارچێوەی کردە هونەرییەکە دەرچێن و زیاتر لەگەڵ کردە هونەریەکە دەمانهێڵێتەوە بەئامانجی درککردنی ئەو گوتارە جوانیناسییەی کە هونەرمەند بەدیهێناوە لەهەمان کاتدا بەکارهێنانی ئەو چوار ستونە دەشێت وەک نیشانەو ڕەمزێک بۆ چوار پارچەی کوردستان کە داستانی کۆبانی هەر چوارپارچەکەی لە گوتارێکدا کۆکردەوە کە بەهاکانی جوانی و بەرخۆدان و جوانی پێکەوەبون بونە. بەکاربردن و بەگەڕخستنی فەزای گشتی لە پانتای گۆڕەپانێکدا وەک ئەو گۆڕەپانەی کردە هونەرییەکەی تێدا جێگیر کراوە، درککرنی هونەرمەندە بۆ ئەو گوتارە جوانیناسییەی کە هەوڵیداوە بەیانی بکات و ئەو فەزا گشتییە فەراهەم بکات کە وەرگرێک پێویستییەتی بۆ درککردن بە گوتاری جوانیناسی بەرهەمە هونەرییەکە، هەڵبژاردنی ئەم گۆڕەپانە ئاسۆی و ڕێکە لەلایەن هونەرمەندەوە پەنابردنێکی دیکەی هونەرمەندە بۆ تەواوکردنی ئەو گوتارە جوانیناسییەی کە بەدیهێناوە لە بەرهەمە هونەرییەکەدا چونکە فەزای بینین وەک ئەوەی هونەرمەند درکی پێدەکات فەراهەم کرابێت ئەوە دەشێت گوتاری ئیستاتیکی وەک ئەوەی بۆی بەدیهێنراوە بگاتە وەرگرەکەی.





Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper26

## بەشی چوارەم

**١: ئەنجامەکان:**

١- گوتاری جوانیناسی لە بەرهەمی هونەری پەیکەرە جێگیرکراوەکانی ناو گۆڕەپانەکان بونی هەیە وەک نمونەی (١، ٢).

٢- هونەرمەند لە ڕێگەی ئەو شێوازەی کە کارە هونەرییەکەی پێ ئەنجام دەدات، گوتاری جوانیناسی خۆی لە بەرهەمە هونەریەکەدا بەرجەستە دەکات وەک نمونەی (١، ٢).

٣- جوانی ڕێژەییە و جوانی ئەو پەیکەرانەی کە لە گۆڕەپانەکانی نمونە (١، ٢) جێگیرکراون پەیوەستە بە درککردنی بینەرەوە.

٤- گۆرەپان ڕەگەزێکی بەشدارە لە جێگیرکردنی پەیکەردا، لە نمونەی (١، ٢)دا گۆڕەپان پانتاییەکە بۆ جێگیرکردنی پەیکەرەکان و گەیاندنی گوتاری جوانی بە بینەرەکەی.

**٢- دەرئەنجامەکان:** دوای شیکردنەوەی نمونەکان و گەیشتنی توێژەر بە ئەنجامەکان ئەم دەرئەنجامانە دەخاتەڕو.

١- جوانی بونێکی ڕێژەییەوە بوە، هونەرمەند بە ئەندازەی درککردنی لە کارە هونەریەکەدا بەرجەستەی دەکات.

٢- گوتاری کارێکی هونەری پەیوەستە بە شێوازی گوزارشت و دەربڕینی هونەرمەندەکەوە. کە لە کارێکی پەیکەردا بەیانی دەکات.

٣- گۆرەپان و فەزای گشتی پانتاییەکی بەهادارن دەکرێت چالاک بکرێن بەهۆی کارێکی هونەری هونەرمەندێکەوە.

٤- هونەرمەند پانتایی گۆڕەپانێک دەکاتە سەکۆیەک کە گوتاری جوانیناسی کارە هونەریەکەی دەگەیەنێتە وەرگرەکەی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper26

**٣-پێشنیارەکان:**

لەئەنجامی شیکردنەوەی نمونەکان و گەیشتن بە ئەنجام و دەرئەنجامەکان، توێژەر ئەم پێشنیارانە دەکات.

١- گۆڕەپانەکان بکرێنە فەزایەکی چالاک، وەک یەکەیەکی گرنگ کاتێک پەیکەرێکیان تێدا جێگیر دەکرێت، ئەو بینینە فەراهەم بکرێت کە پێویستە بۆ بینینی کارێکی هونەری لەلایەن بینەرەکەیەوە.

٢- پێویستە وەرگر وەک ڕەگەزێکی گرنگ لە پرۆسەی بینین و (وەرگر) بە گرنگەوە بایەخی پێبدرێت لەو ڕوانگەیەوە هونەرمەند گوتاری جوانیناسی خۆی لە پەیکەرێکدا بەیان بکات.

**٤- ڕاسپاردەکان:**

توێژەر بەهۆی گرنگی و بەهای گۆڕەپان و جوانی وگوتار لە بواری هونەریدا و فراوانی ئەو بوارە، پێشنیار دەکات بە ئەنجامدانی توێژینەوە لەم بوارانەدا.

١- کاریگەری فەزای گشتی لە دانانی پەیکەردا.

٢- ڕۆڵ وکاریگەری گوتاری جوانی پەیکەری نێو گۆڕەپانەکان لەسەر وەرگر.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper26

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# Sculptural Beautifying Speech in the Squares of the Kurdistan Region

**Hamid Ahmad Sadq[1] - Azad Jamal Tahir[2]**

[1]Department of Painting, College of Fine Art, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Department of Sculpture, College of Fine Art, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

The study, entitled "Sculpture Beauty in the Fields of the Kurdistan Region," found and selected sculptural samples that have been stabilized in the fields of the Kurdistan Region, and analyzed the samples to determine whether they are the bearers of a sculpture. The research consists of four sections, the first part consists of the theoretical framework in which the problem of research and the importance of research and the boundaries of research and the concepts of ministries are addressed, the second part consists of three layers, the first layer (explaining the meaning and concept of beauty). (Explaining the concept of discourse in the modeling pantheon) The third layer consists of (an introduction to the field in the stages of ancient history and modern times). The stabilized ones, which are numbered (2), can be described by the method of descriptive analysis. Results and conclusions of recommendations, suggestions and sources) of the study.

**Kyewords:** The Meaning of Beauty, The Concept of Speech, The Field.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper26**

## ٥/ سەرچاوەکان:


گوتارو وەرگێڕان / ن. عەلی سولحجو / و.لەفارسیەوە/ کۆساری فەتاحی / سلێمانی ٢٠٠٥ چاپی دوەم / لاپەڕە ٢١

هەقیقەت وجوانی / ن. بابەک ئەحمەدی / و .لەفارسیەوە/مەسعود بابای / چاپی یەکەم ٢٠٠٨ / چاپخانەی خانی ( دهۆک ) لاپەڕە ٢٨.

ڕێزمانی کوردی / ن. نەریمان عبدلله خۆشناو / چاپی سێیەم ٢٠١١/ چاپخانەی ڕۆژهەلات –هەولێر/ لا ٦١

هەقیقەت وجوانی / ن. بابەک ئەحمەدی / و .لەفارسیەوە/مەسعود بابای / چاپی یەکەم ٢٠٠٨ / چآپخانەی خانی (دهۆک).لاپەڕە ٦٨.

هەقیقەت وجوانی / ن. بابەک ئەحمەدی / و .لەفارسیەوە/مەسعود بابای / چاپی یەکەم ٢٠٠٨ / چاپخانەی خانی (دهۆک).لاپەڕە ٧٠.

هەقیقەت وجوانی / ن. بابەک ئەحمەدی / و .لەفارسیەوە/مەسعود بابای / چاپی یەکەم ٢٠٠٨ / چاپخانەی خانی (دهۆک).لاپەڕە ٧١.

هەقیقەت وجوانی / ن. بابەک ئەحمەدی / و .لەفارسیەوە/مەسعود بابای / چاپی یەکەم ٢٠٠٨ / چاپخانەی خانی (دهۆک).لاپەڕە ٨٣.

هەقیقەت وجوانی / ن. بابەک ئەحمەدی / و .لەفارسیەوە/مەسعود بابای / چاپی یەکەم ٢٠٠٨ / چاپخانەی خانی (دهۆک).لاپەڕە ٨٨.

هەقیقەت وجوانی / ن.بابەک ئەحمەدی /، .لەفارسیەوە/ مەسعود بابای/چاپی یەکەم ٢٠٠٨/چاپخانەی خانی – دهۆک / لا ١٠١.

گوتارو وەرگێران / ن: عەلی سوڵحجو/ و.لەفارسیەوە/کۆسار فەتاحی / چاپ ٢٠٠٥ / سلیمانی / لاپەرە ١١

گوتارو وەرگێران / ن: عەلی سوڵحجو/ و.لەفارسیەوە/کۆسار فەتاحی / چاپ ٢٠٠٥ / سلیمانی / لاپەرە ١٢

نقد الفن / ن.جیرۆم ستولینتز / ت. فؤاد ذکریە/ ط ٢٠٠٧ / دارالوفاء/ لا ٢٨٥

نقد الفن / ن. جیرۆم ستولینتز / ت. فؤاد ذکریە / ط ٢٠٠٧ / دار الوفاء/ لا ٢٨٧

القیمە المعیاریە و الجمالیە فی التشکیل المعاصر / د. جبار محمود العبیدی / ط ١ / ٢٠١٣ / عراق – بغداد / ص ١٤

بدائع الحکمە / د. عبدالکریم الیافی / ط ١ / ١٩٩٩ / دار طلاس لدراسات و الترجمە / ص -٥٥

بدائع الحکمە / د. عبدالکریم الیافی / ط ١ / ١٩٩٩ / دار طلاس لدراسات و الترجمە / ص –٧١

بدائع الحکمە / د. عبدالکریم الیافی / ط ١ / ١٩٩٩ / دار طلاس لدراسات و الترجمە / ص ٥٥.

القیم الجمالیة / راویة عبدالمنعم / دار المعرفة الجامعة الاسکندریة ١٩٨٧/ص، ٣٦.

فلسفة الجمال / محمد علی اب ریيان/ دار الجامعات المصرية _ الاسكندرية ١٩٧٧/ ص، ٨

E.KANT / KRITIK OF JUDGMENT /London – macmillan and co.and new York 1892/ page 31

میخایل باختین و نظام گفتمان ادبی / فرهنگستان هنڤ و پگوهشنامە/ن: کهنمونی پور/ ١٣٨٨–شمارە ١٢/ لا– ٢٥

میخایل باختین و نظام گفتمان ادبی / فرهنگستان هنڤ و پگوهشنامە/ن: کهنمونی پور/ ١٣٨٨ شمارە –١٢/ لا– ٢٧

بررسی معناشناختی سە واژە،میدان،گرە،فلکە/ لا – ٥٠-٥١




**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper26**

بررسی سیر تحول میادین در ایران / از دوران معاصر تا حصر حاضر/ کنفرانس پژوهشهای معماری و شهرسازی اسلام و تاریخی ایران / ١٣٩٦ / ن . مرج محبوبه فاتحی.

میدان ایرانی و روابط اجتماعی،بازشناسی و ارزیابی کیفی/ مهدیه فرح بخش/دانشگاه ازاد اسلامی-واحد رفسنجان/ لا- ٢

نقش مجسمه و المان های شهری،هویت بخشی به فضای شهری/ حمید رضا شیبات،سغد احمد فروزنده/دانشگاه کارشناسی معماری فنی شیراز / لا-٢

نقش مجسمه و المان های شهری،هویت بخشی به فضای شهری/ حمید رضا شیبات،سغد احمد فروزنده/دانشگاه کارشناسی معماری فنی شیراز / لا-٣

چەمکی گوتار / ن . وەلید عمر / ٢٠١٥ / https://www.negativegroup.org/item.php?id=287



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper26**